لەناو سینەی چەمەکاندا . .
ئەبنە چیرۆك . . ئەبنە داستان :
«کۆچی پارمان . . کۆچی سووری هەلاڵەیە
کۆچی بەفری فریشتەیە . .
بەهارەو . . خێڵ بەرەو ژوورە
خێڵ . . چرایە . .
چرا چاوی داگیرساوی
ژوور سەری پەری لەیلایە . .
خێڵ ئێمەین و . . ئەم دنیایەش بۆ لەیلایە
تۆش چیت‌ئەوێ ؟!
● ئێوەم . . ئەوێ
من هاتووم‌و نانی وشەم
تێشووی ڕێگەی پەری‌خانە . .
من هاتووم‌و ئازاری خۆم ڕائەخەم‌و ،
تەمی تەنیایی و هەژاریم . .
ئەدەم بە سەری بڵندی پەری‌خان‌دا
من ئارای ئەوم لە تاڵی دەنگی چنی
کە هاواری نێرگزەجار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاسمانی بینینی ئەویٚ
هەموو نووسینی هەتاویٚ
گینگڵی شەوی درێژو . .
ڕێبوارانی سەر زەمانی .
ناو دەمی نەهەنگی ئەویٚ
«کۆچی زریان . . لەوکاتەوە دەستی پێ کرد
کە جۆگەلە . . لە سەرچاوەو .
رووبار لە زەریا یاخی بوو . .
کۆچی زریان . . لەو ڕۆژەوە دەستی پێ کرد . .
کە شمشێری برووسکەکان
چوون بەگژی هەوری تاڵداو .
داوای چاوی گەلاوێژیان لێ کرد !»
باران نەنووستو نەنووستم
– من ئەشتوومو خەونابینم –
باران . . دای کرد
وشەم . . دای کرد
با . . هەڵیکرد . .
سەرم . . دایە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرم بەخشی ی بە باران ئەویش کردی :
بە لافوی و ڕژانی یە ئەو .
دۆڵ و هەردو کەژانەوە . .
کە ئەهەنگیان تیا قووتئەدا
باران
ئەنووستو .
ئەنووستم . .
سەرم . . سەنگەری بوو . .
لەگەڵ - با - دا بەری ئەکەوت
ئیتر پڕمکرد بە دڵاو هاویشتمە ناو :
لافاوەوە . .

● لافاو . . بیبە
ئەو ناهێڵێ وەنەوز بدەی
لافاو بیبە
ئەو ناهێڵێ سەری فەرهادکوژ بنێ بە :
لەشی سپی شیرینەوە . .

● شەو سوارێك بوو . .
لە پاشكۆی تاریكی ی خۆیدا سواری كردم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەی پەری‌خان
یەك . یەك یەخەی
بەخشە گەورە گەورەکانی دنیام گرت‌و .
هاوارم کرد :
پەری‌خانی هەموو دنیا بە فەرهادی خۆیان گەیین
ئەی پەری‌خانی من بۆچی پی‌ی نەگەیی ؟ !
قیژاندم بەسەر هەموو جیهاندا .
لە بیژنگی قیژەمەوە
دەست‌و پەنجەی وردیلەکان . .
کەوتنە خواری‌و .
ڕاست‌بوونەوەو چوون بە چاوی
ئەو پەیکەرەی
لەبەر دەروازەی «نیویورك»دا
شان‌و ملی سوڵتانەکان ئەشێلێت‌و .
بەم دەست گڕی هەڵگرتووەو . .
بەو دەستی‌تر . .
خۆڵی ئێسکی دڵدارەکانی سەربەستی‌ی
پێدا ئەکات . .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوارم‌کردو .. له شه‌وی هاوارمه‌وه ..

ریز .. ریز ..

میخی هه‌موو چادره‌کان هاتنه‌ده‌ری و ..

خویان به سنگی شانوی گشت

والی‌یه‌کانی ئه‌م گیتی‌یه‌دا داکوتی

به‌لام په‌ری ئه‌مه سه‌ده‌ی بی‌ده‌نگ بوونه

له سه‌ربرینی .. بالنده‌ی بی‌هیلانه

باران

نه‌نووستو .. نه‌نووستم

به‌لام چبکه‌م .. ئه‌ی په‌ری‌خان

پیت نه‌گه‌یشتم ...

گه‌رامه‌وه ...

هاتمه‌وه سه‌ر مالی چۆلی ژانه‌کانم

وه‌کوو کراس من گینگلیان له‌به‌رئه‌که‌م

له‌گه‌ل ئیشدا وه‌کوو ئاشقه‌و ماشقه

تیك ئالاوین ..

له‌گه‌ل خه‌م‌و ته‌نیاییدا .. به که‌ناری خۆرنشینا

پیاسه ئه‌که‌ین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەری‌خان .. حەیرانی ئەوت
ڕووی لە تۆ بوو :
تیٚ‌ی چریکان
شەویٚك عەشقیٚکی ئاوارەت
بە بیابانی دڵیٚکدا تیٚ‌پەڕ ئەبوو
عەشق سەرخەویٚکی شکان
کە ڕۆژ بۆوە ، لەو جیٚ‌یەدا
خەون بووبوو ، بە کانیاو
مەل درەختی خۆی دۆزیٚوە .
درەختیش بوو بە نیشانەی
ئەو عەشقانەی خۆیان لە ڕیٚ‌ی
چاوی بەفری تۆدا سووتان .

برایمۆك ..
دەستی نایە .. بن گوی‌ی لاوك
تیٚ‌ی چریکان :
بەفر نانویٚ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەفر وتی :

- تۆ نانویت و منیش نانووم

من دلداریکم دوژمن دار

چاوی لیك نیم

تەویلی بەرزم دائەنیم

ئەی تۆ بۆچی ؟!

حاجی وتی :

- من ئیشکچی یارەکەتم . لەورۆژەوە . ئەو بی ی وتم

بەفر دلی داوە بە من . لەوکاتەوە شیعرم چرای

داگیرساوی سەر تەویلتەو . هەتا ئەمرم .

خۆشەویستیت لە کاروانی

ئەم دەروونە کۆچەرەدا

پیشەنگیکەو لەدوایەوە . . مەنزل . . مەنزل

ری ی سووتانی لەگەل ئەبڕم .

شەو گۆمیکی سیی و مەنگە . حاجیش بالایەکی سوورە

لەناو ئەودا دیت و ئەچی . زامی دلی ئەتروکینی .

ئازاریکەو بە چوار مەشقی دانیشتووە . قەلەمیکەو .

لە گیرفانی کۆیە . . دایە . پرتەی چراو لیدانی دلی وشەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سبی ئەکرد!

ئەوا ئیستەش شەختە ریّیە
دەریاچە بەستی و ریّوی یەك[7]
پیّش کاروان کەوت
لەناو ئاویّنەی سەهۆڵ‌دا
سەری ئەسپە کەحیلەکان گەورەترن
بالای دڵدار.. بڵندترن.
سەلکەریّشم و.. رەخت و.. قەڵپۆز
لەناو ئەودا.. زۆر جوانترن
تەقەی سم و.. پرمە و.. کورژن
هۆبەهۆو.. هاواری خیّڵی براجۆك
دارستانی ئەو دەنگانەن. تیّك‌رژاون
بەفر ئەباری. کلوو بەپوولەی وەریوی
سەر ردیّن و سمیّڵ با بری کورگەلی
تارمایی میر کەوتۆتە دووی جیّ پیّ و جیّ سم
ریوی بە سەر سلیکی کرد.
ریوی کلکی ترسی بزواند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

